بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان

**هەرێمی كوردستانی عێراق**
**سەرۆكایەتی هەرێم**
**سەرۆك**

**بەناوی گەلەوە**
**بـــڕیـــــار**
**ژمـــارە ( ١٧ ) ساڵی ٢٠٠٨**

**یـــاســــای هەموارکــردنی پیادەکردنی یـــاســــــای بەكرێدانی خانوبەرە ژمارە( ٨٧ )ی ســــــاڵــی ١٩٧٩ی هەموارکراو لەهەرێمی كـــوردســـــتان ـ عێراق**

بە پێی بڕگەی (١) ی ماددەی (١٠) ی یاسای سەرۆكایەتی هەرێمی كوردستان – عێراق ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ ی هەموارکراو و بە پاڵپشتی ئەو یاساكارییەی ئەنجومەنی نیشتمانی كوردستان – عێراق كردویەتی لە دانیشتنی ژمارە (٢٨) لە ١٧ /٢٠٠٨/٦ بریارماندا بە دەركردنی:

## یـــاســــای ژمــــــارە (٩) ی ســـــاڵـــی ٢٠٠٨
## یاسای هەموارکــردنی پیادەکردنی یـــاســــای بەكرێدانی خانوبەرە ژمارە(٨٧)ی ســـــاڵـــــی ١٩٧٩ی هەموارکراو لەهەرێمی كوردســـــتان ـ عێراق

**ماددەی یەكەم:**

ماددەی (سێیەم) لەیاسای بەكرێدانی خانوبەرەی ژمارە(٨٧)ی ساڵی١٩٧٩ی هەموارکراو لەهەرێمی كوردستان . عێراقدا لەكار دەوەستێنرێت.

**ماددەی دووەم:**

كاربە حوكمەكانی یاسای بەكرێدانی خانوبەرەی ژمارە (٨٧)ی ساڵی ١٩٧٩ی هەموارکراو، كەلە هەرێمدا بەركارە، سەبارەت بەم خانووبەرانەی كە بۆ نیشتەنی بەكرێ دراون، بەردەوام دەبێت بۆ ماوەی چوارساڵ لە رۆژی بەركاربوونی ئەم یاسایە، و دوای بەسەر چوونی ئەو ماوەیە، دەكەونە ژێر كــاری حوكمەكانی یاسای شارستانی /ژمارە (٤٠)ی ساڵی١٩٥١ ی هەموارکراو.

**ماددەی سێیەم:**

یەكەم:ئەو گرێبەستانەی بەكرێدانی خانوبەرە بۆمەبەستی غەیری نیشتەجێبوون، دوای بەركاربوونی ئەم یاسایە، مۆردەكرێن دەكەونە ژێركاری حوكمەكانی یاسای شارستانی ژمارە (٤٠)ی ساڵی ١٩٥١ی هەموارکراو.

www.mojkudistan.com

دووەم:گرێبەستەکانی ئەو خانوبەرەی کە بۆ غەیری مەبەستی نیشتەنی بەکرێ دراون و بەر لە بەرکاربوونی ئەم یاسایە مۆرکراون، بۆ ماوەی دوو ساڵ  لە رۆژی کۆتایی هاتنی ماوەی گرێبەستەکەوە درێژ دەکرێنەوە و، پاش کۆتایی ئەو ماوەیەش ، کرێیەکەی دەکەوێتە ژێر کاری حوکمەکانی یاسای شارستانی ژمارە (٤٠)ی ساڵی ١٩٥١ ی هەموارکراو.

**ماددەی چوارەم:**

لەهەرێمی کوردستان– عێراقدا حوکمەکانی ماددەی ( چوارەم)ی یاسای بەکرێدانی خانوبەرە ژمارە(٨٧)ی ساڵی١٩٧٩ ی هەموارکراو  لەکار دەخرێن و، ئەمانەی خوارەوە جێیان دەگرنەوە:

یەکەم:نابێ کرێی ساڵانەی ئەو خانوبەرانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەیانگرێتەوە، لەو گرێبەستانەی کەدوای بەرکاربوونی ئەم یاسایە مۆردەکرێن، لەم رێژانەی خوارەوە زێتربن:

١–(٤٪) چوار لەسەدی بەهای گشتی ئەو خانوبەرە یان ئەو شوققانەی بۆ نیشتەنی ئامادەکراون و بۆ ئەم مەبەستەش بەکرێ دەدرێن.

٢–(٦٪) شەش لەسەدی بەهـــــای گشتی ئەو خــــانوبەرە یان ئەو شوققانەی کە ژوور،ژوور، بۆ نیشتەنی بەکرێ دەدرێن.

٣–(٨٪) هەشت لەسەدی بەهـــــــای گشتی ئەو خانوبەرە یان ئەو شوققانەی کە بۆ مەبەستی غەیــــری نیشـــتەنی بەکـــرێ دەدرێن.

دووەم:کرێی ساڵانەی ئەوخـــــانوبەرانەی کە حوکمەکـــــانی ئەم یـــــاسایە دەیانگرێتەوە، لەو گرێبەستانەی پێش بەرکاربوونی ئەم یاسایە مۆرکراون، بەپێی رێژەکانی برگەی (یەکەم)ی سەرەوە هەموار دەکرێت.

سێیەم:مەبەست لەبەهای گشتی خانوبەرە لەم یاسایەدا کۆی بەهای زەویەکەو بینایەکەیە لەوکاتەدا کە دەسەڵاتی دارایی بۆ جێبەجێکردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەیخەملێنێ.

**ماددەی پێنجەم:**

بڕیاری ژمارە(٣٢) لە ٢٠٠٣/٢/٦ کە لەلایەن ئەنجومەنی نیشتمانیی هەرێمی کوردستان–. عێراقەوە دەرچووە، هەڵدەوەشێتەوە.

**ماددەی شەشەم:**

وەزیری دارایی و ئابووریی هەرێم ، بۆی هەیە، رێنمایی پێویست بۆ ئاسانکردنی جێبەجێکردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەربکات.

ئەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی کوردستان لە سایتی وەزارەتی داد

**ماددەی حەوتەم:**

هەر دەقێکی یاسایی یان بڕیارێك کە لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا ناکۆك بێت کاری پێ ناکرێت.

www.mojkudistan.com

**ماددەی هەشتەم:**

پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پێوەندیدارەکانیش حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**ماددەی نۆیەم:**

ئەم یاسایە لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەیەوە لە ڕۆژنامەی ڕەسمیی ( وەقایعی کوردستان) جێبەجێ دەکرێت.

**مسعود بارزانی**
**سەرۆکی هەرێمی کوردستان-عێراق**

ئەم یاسایە لە ١٥ی پوشپەڕ ٢٧٠٨ی کوردی بەرامبەر ٣ی ڕەجەب ١٤٢٩ی کۆچی و بەرامبەر ٦ی تەمموز٢٠٠٨ی زایینی لە هەولێر دەرچووە .

**هۆکـــــارەکـــانی دانانی ئەم یـــاســــــایە**

بۆ ئەوەی یاسا لەگەڵ سیاسەتی کۆمەڵایەتی و ئابووری هەرێمدا بخرێتە سەر بارێکی گونجاو بۆ وەدیهێنانی ئامانجەکانی یاساکاریەکانی کۆمەڵایەتی و ئابووریەکان و لەپێناو بەدیهێنانی هاوسەنگی لەنێوان هەردوو لایەنی گرێبەستی بەکرێداندا بەچاوێکی دادپەروەرانە و یەکسانی و ڕەچاوکردنی هەلومەرجی کۆمەڵایەتی و ئابووری و بەهێزکردنی پەیوەندی کۆمەڵایەتی لەکۆمەڵگەی کوردستانیدا و هاندانی بزاڤی ئاوەدانکردنەوەو وەبەرهێنان بەشێوەیەکی گشتی لەبواری نیشتەجێبوون و هاندانی کەرتی تایبەتیش بۆ هاوبەشیکردنی لە کەم کردنەوەی گرفتی نیشتەجێبوون، ئەم یاسایە دانرا.

www.mojkudistan.com